

# تەبلێت – کۆمپیوتەرێک بە دەوری خۆیدا دەسووڕێت

کۆمپانیای فوجیستۆ بەم دواییە دوو بەرهەمی خۆی لە بڵاوکردەوە، یەکێکیان تەبلێتێکە بەنــاوی Stylistic Q702 کــە لە راســتیدا تەبلێتێکی هیبریدییە. ئــەوەی دیکەیان کۆمپیوتەرێکە بەناوی Lifebook T902 کە شاشەکەی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

تەبلێتە نوێیەکەی فوجیســتۆ شاشــەکەی 11.6 ئینجە و تەواو لەمســییە و دژی تیشکدانەوەیە. کێشەکەی تەنیا 850 گرامە و CPU ی تەبلێتەکە core i3 یا core i5ئیە. تەبلێتەکە خاوەنی کیبۆردێکی تایبەتە کە دەکرێت شاشــەکەی لەسەر دابندرێت. هەمــوو تەکنەلۆژییەکانی پەیوەندی وەك wi-fiو 4G, و UMTS هەیە، تەکنەلۆژیای دژی دزی و پاراســتنی پاســۆردی تێدایە. تەبلێتەکە بەمەبەســتی کاری راهێنان و فێرکاری، ئاگاداری تەندروســتی، کڕین و فرۆش لە سوپەرمارکێتەکان و ئەرکی ئیدارە حوکمییــەکان و کاروبــاری پەیوەند بە هوتێل و موتێلــەکان بەرهەم هاتووە.

کۆمپیوتەری جۆری Lifebook T902یش لە CPU جۆری Core i5 یا core i7 تێدایە، وەك تەبلێتەکە شاشەکەی بە دەوری خۆیدا دەســوڕێت کە هەم بەشــێوەی نوتی بوك و هەم بەشێوەی تەبلێت دەکرێت ســوودی لێوەربگیرێت. کیبۆردەکــەی دژە باکتریا و دژە تۆز گەردە.



# ماوسێکی بێ وایەر و بێ دوگمە

ماوس مێژوویەکی دێرینەی هەیە لە گەڵ کۆمپیوتەر و هەرچەندە لەسەرەتادا و لە گەڵ داهێنانی کۆمپیوتەر بەرهەم نەهاتن، بەڵام ئێستاکە لەو ئامێرە جیا نابێتەوە و کۆمپیوتەر بێ ماوس وەك قفلی بێ کلیل دەچێت، هەرچەندە بە درێژایی ئەو مێژوویەی کە هەیەتی زۆر گۆڕانکاری بەســەر کارکرد و فەرمان و دیزاین و شــێوەیداهاتووە، نوێترین گۆڕانکاری ئەو ماوسە لەمســیەیە کە هیچ دو گمەیەکی تێدا نییــە و هەروەها بۆ پەیوەندی لە گەڵ کۆمپیوتەر هیچ وایەرێك نییە، بــەڵام نەبوونی دو گمە و وایەر نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری هەبێ بەســەر کارکردی ماوســەکە بگرە ئەوانە وەك تایبەتمەندییەکی باش سەیر دەکرێن. هەروەك ئاماژە پێدرا هیچ دو گمەیەکی نییــە و تەنیا بەهۆی لەمســەوە دە گرێت فەرمانــەکان جێبەجێ بکەی. کوالیتی ماوسەکە dpi 1200 یە، وزەی پێویست بۆ کارکردن بەهۆی 2 باتری قەڵەمییەوە دابین دەکرێت.




# مۆبایلەکەت لە تەلەڤزیۆندا بکەرەوە

هــەر رۆژە ئامێرێکی نوێی دیجیتالی بەرهەم دێــت، تەنانەت ئەوەندە زۆرن کە لە ژمار نایەن، ئامێری مینی پی ســی Mini X TV ئامێرێکــە کە دەکرێت وەك کۆمپیوتەرێکی بچــووك بەکاری بهێنرێت. کۆمپیوتــەرە بچووکەکە هەردوو سیســتەمی ئەندرۆید کە تایبەتە بە مۆبایل و تەبلێتی هۆشــمەند و هەروەها سیســتەمی لینۆکس دەخوێنێتەوە. لەبری شاشــەی کۆمپیوتەر دەکرێت راستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنی ماڵەوە بخرێت و پرۆگرام و ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایل لەسەر کۆمپیوتەر ببینی.

قەوارەی Mini PCیەکە تەنیا 72 لە 61 دایە و بارســتایەکەی 13 ملمە. رامەکەی 512 میگابایتە. هاردی کۆمپیوتەرە بچووکەکە 4 گیگابایتە لەگەڵ ئەوەیدا سلایدی میمــۆری کارت و پۆرتــی USB و وای فای و جێــگا کێبڵی HDMI هەیە بۆ پێوەندی لەنێوان کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆنە هۆشمەندەکان..



# تەبلێتێکی تایبەت بە دیزاین و نەخشەسازی

لە جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالیدا ئەوانەی لەهەموو توێژێك سوودمەندتر بوون، دیزاینەر و نەخشەسازەکان بوون، چونکە تەکنەلۆژیای نوێ ئەرکی نەخشەسازەکانی ئاسانکردەوەو بەهۆی ئەو پرۆگرام و ئامێرە دیجیتالییە پێشکەوتووانەی بۆ نەخشەسازەکان هاتنە بەرهەم توانیان داهێنان و گۆڕانکاری نوێ لە ستایلی نەخشەسازیدا بکەن. ئامێری Wacom Ci-tiq 24HD Touch کە تەبلێتێکی پێشکەوتووی تایبەت بەنەخشەسازییە و تەواو لەمسە، بەکارهێنەری نەخشەساز دەتوانێت بەهۆی ئەو قەڵەمەی کە لەگەڵ ئامێرەکەدایە و هەروەها بە پەنجەکانی خۆی دیزاینی زۆر سەرنج ڕاکێش بەرهەم بێنێ. لەم ئامێرەدا نزیکەی 2 ملیار ڕەنگ بوونی هەیە. هەموو ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بە نەخشەسازی وەك فۆتۆشۆپ و ئیندزاین و پرۆگرامەکانی دیکە لەسەر ئەو تەبلێتە هەن، جگە لەوەی کە شاشەکەی لەمسییە، قەڵەمێکی لەمسی پێشکەوتوو لەگەڵ تەبلێتەکەدا هەیە کە بەهۆیەوە ئەرکەکان ئاسانتر جێبەجێ دەبن.

# تەکنۆلۆژیای دیجیتالی بۆ وەرزی هاوین

لە وەرزی هاویندا بۆ خۆفێنککردنەوە و حەسانەوەی جەستە و دەروونی ڕەنگە مەلەکردن لە قەراخ دەریا و ڕووبارەکان یەکێك بێت لە ساتە خۆشەکان، گوێدان بە مۆسیقایەکی دڵرفێن لە قەراخ دەریا و لەکاتی مەلەکردندا چێژی سەیرانەکە زیاتر دەکات، بەڵام کێشەیەك هەیە ئەویش ئەوەیە ئامێرە دیجیتالییەکان زۆربەیان بۆ ئەو شوێنانە گونجاو نین و بە ئاو تەڕ دەبن و کە تەڕیش بوون تێکدەچن. بەڵام ئامێری Eco Terra میدیا پلەیەرێکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو شوێنانە و دەکرێت مۆبایلەکەت یا فلاش میمۆری یا کارت میمۆری تێبخەی و لەکاتی مەلەکردندا گوێ لەمۆسیقا بگری و بێ ئەوەی کە ئامێرەکەت تێکبچێت.



تەنانەت دەکرێت لەگەڵ خۆت ئامێرەکە ببەیە ژێر ئاو و لە ناو ئاودا گوێ لە مۆسیقا بگری، یان لەسەر ئاو دایبنێی بێ ئەوەی کە نوقم بێت.

ئامێرێکی دیکەی تایبەت بە وەرزی هاوین و مەلەکردن هیدفۆنی جۆری Finis SwiMP3 کە دەکرێت لە قووڵایی ئاودا گوێ لە مۆسیقا بگری. هیدفۆنەکە داهێنانێکی نوێیە کە لە چاویلکەی مەلەکردن دەخرێت و ڕاستەوخۆ لە قوڵایی ئاویشدا گوێ لە مۆسیقا دەگری بێ ئەوەی کە دەنگی ئاو و دەنگی دەوروبەر هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر بەباشی گوێ لێ نەبوون لە مۆسیقاکە. هیدفۆنەکە میمۆری 2 گیگابایتی هەیە و دەکرێت 500 گۆرانی لەخۆیدا خەزن بکات.



# سیسرکەیەک لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت

هەندێك جاران ئامێرە دیجیتالییەکان هەر بۆ خزمەتکردن نین و بگرە ئامانجی سەرەکیان ڕابواردن بە کەسانی دیکەیە، هەروەك ئەم سیسرکە دیجیتالییەی کە لەم وێنەیەدا دەیبینن، ئەمە سیسرکەیەکی پلاستیکی نییە، بگرە ئامێرێکە کە دەکرێت بە هۆی مۆبایلەکەتەوە کۆنترۆڵی بکەی و ترس بخەیە ناو دڵی ئەوانەی لە سیسرکە دەترسن. دەکرێ سیسرکەکە لە ژوورێك بەرەڵڵا کەی و بە مۆبایلی ئایفۆن لە دوورەوە کۆنترۆڵی بکەی.

لێرەدا دەبینین کە تەکنۆلۆژیا شیرێکی دوو سەرە و دەکرێت خزمەتی پێبکرێ و دەشکرێت ترس و دڵەراوکێ بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە دروست بکەی. ئەوەی لێرەدا ئاماژەمان پێدا تەنیا زانیارییەك بوو لەسەر ئامێرەکە ئەگینا هیوادارم هیچ لایەك بەکاری نەهێنێت.






# لەم سایتەدا ئاستی خێرایی تایپکردنت بەرێ سەرێ

فێربوونی چۆنییەتی خێرا تایپ کردن بەشێوەی دروست و یاسایی و بە دە پەنجەیی بۆ هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر پێویستە، وەك چۆن دەڵێن ڕاکردن لە ورزشدا بەمانای دایکی هەموو وەرزشەکان دێت، تایپکردنیش لە کۆمپیوتەردا لە ڕیزی پێشەوە دێت، چونکە هەموو کردارەکان بە تایپکردنەوە ئەنجام دەدرێن، چ ئەرکی گرافیکی و نەخشەساز بێت، چ کاری ئیداری بێت، چ کاری ڕۆژنامە و چاپخانە بێت. بۆ



فێربوونی تایپکردن بە شێوەی دروست گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەگەر ڕێنوێنی پرۆگرامەکان وەبەرچاو بگیرێت تێیدا سەرکەوتوو دەبن. سایتی http://www.keybr.com/ سایتێکە کە تێیدا شێوازی دروستی تایپکردنتان فێردەکات و هەروەها تاقیکردنەوەشتان لێوەردەگرێت. بۆ دەستپێك هەر ئەوەندە بەسە کە یەکێك لەو دەقانەی کە سایتەکە نیشانی دەدات تایپی بکەی، تاکو لە کاتی تایپکردندا سایتەکە، هەڵەو کەموکوڕی و خێرایی و چۆنییەتی دروست تایپکردنتان نیشان بدات.

# دەسکی ئاتاری
## بە دیزاین و توانایەکی سەرنجڕاکێش



گەمەی ئەلکترۆنی لەم دەیەی دواییدا پانتاییەکی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگادا گرتووە، گەمەی ئەلکترۆنی بۆ حەسانەوەی مێشك و ئاسوودەیی دەروونی زۆر باشە، لەلایەنی تەندروستی و زانستیشەوە ئەوە سەلمێندراوە، هەرچەندە لەلای ئێمە گەمەی ئەلکترۆنی زیاتر بۆ تەمەنێکی دیاریکراو دەبینن و لە تەمەنی سەرووی 20 ساڵی بە شەرم سەیر دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە گەمەیە کە پێوەندی بە هزری مرۆڤەوە هەیە هیچ تەمەنێك ناناسێ، هیچ تەمەنێکی دیاریکراوی بۆ نییە.

دەسکی گەمە ئەو دەسکەیە کە چەندین دوگمەی لەسەرە و فەرمانی گەمەی پێ ئەنجام دەدرێت، لەم دواییانەدا لەلایەن کۆمپانیای HJC کە یەکێکە لە کۆمپانیا بەریتانییەکان بۆ بەرهەمهێنانی کەرەسەی گەمە و ئەتاری دەسکێکی گەمەی بەرهەمهێناوە کە هەم بۆ Xbox و هەم بۆ PC دەشێت، تواناکانی ئەم دەسکی گەمەیە ئەوانەن:

1- دوو کەلێن لەسەرووی دەسکەکە هەن بۆ فێنککردنەوەی دەست و کەمتر ئارەقەکردن.
2- گشت دوگمەکانی فەرمانیان بۆ دادەنرێت.
3- جیاکردنەوەی وایەری پێوەندی بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر بەهۆی وایەرلەیسەوە ئەرکەکان ئەنجام بدات.
4- سوود وەرگرتن لە تیشکی ڕووناکی سەرنجڕاکێش لە دەسك و دوگمەکاندا.
5- بوونی مەیکرۆفۆن و هیدفۆن لە دەسکی گەمەکەدا و چەندین تایبەتمەندی دیکە.

# کۆمپیوتەری سەرمێز بچووک دەبێتەوە

کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسکتۆپ هەر لە کێش و قەوارەی جارانی دا نەماوە و کۆمپیوتەری بچووك بەرهەم هاتوون کە قەوارەکەیان بچووکترە لە لاپتۆپێکیش. کۆمپیوتەری دیسکتۆپ ئەوە نامێنێ کە لە ئیدارە و ماڵەکاندا دەبینرێن کە کێش و قەبارەیەکی گەورەیان هەیە و زۆرجاریش دەنگێکی زۆر.

کۆمپانیای فاکسکان کە یەکێکە لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر، نانۆکۆمپیوتەرێکی بەرهەمهێناوە کە قەوارەکەی تەنیا 19 لە 13.5 سم و بارستاییەکەی کەمترە لە 4 سم. خێرایی CPUی کۆمپیوتەرەکە نزیکەی 2 گیگایە. گرنگترین بەش لە کۆمپیوتەرەکەدا ئەوەیە کە هیچ پەنکەیەکی بۆ فێنککردنەوە تێدا نییە، هەربۆیە لەکاتی کارکردندا دەنگی نییە. دوو پۆرتی نانۆ یۆئێس بی و چوار پۆرتی یوئێس بی تێدا دەبیندرێت.








## ئاگاداربن فەیسبووک چاودێری چاتکردنتان دەکات

ئێستاکە فەیسبووك گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتییە، دانیشتوانی وڵاتی فەیسبووك بە قەد دانیشتوانی وڵاتی چینی لێهاتووە کەگەورەترین وڵاتی جیهانە، لە جیهانی ئەنتەرنێتدا فەیسبووك و تویتەر گەورەترین پردی پێگەیاندنن، لەم تۆڕانەدا بەتایبەتی لە فەیسبووك دەکرێت مەبەستەکانت چ بە فایلی ڤیدیۆیی، یا فایلی دەنگ یا نووسین و چاتکردن بڵاوبکەیەوە، کەچی ئەم تۆڕە وەك لەم دواییانەدا دەرکەوتووە هەموو ئەو چاتانەی دەکرێن دەخاتە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەکات. کۆمپانیای ناوبراو ئەوەی نەشاردەوە کە ئەم کارە دەکەن بەمەبەستی کەمکردنەوەی تاوان و بەرگریکردن لە چالاکی تیرۆریستی و کاری تێکدەرانە و ئەگەر هەست بەوە بکات کە یەکێك کردارێکی نایاسایی ئەنجام دەدات بە پۆلیس ڕادەگەیەنێ، دیارە چاودێری کردنی چاتەکان زۆرتر زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانانەی کە بە پیتی لاتین دەنووسن دەگرێتەوە. شێوازی کارەکەش بەم شێوەیە ئەگەر یەکێك دەستەواژەیەکی نووسی لەریزی ئەو وشانەدابوو کە فەیسبووك بە وشەی بڤەیان دەبینێ ئەوکات چاودێری چاتەکە دەکات.

## پرۆگرامێک بۆ دانانی ئێفێکتی سروشتی لەسەر وێنە

بە داهێنانی کامێرای دیجیتالی هیچ سنوورێك بۆ کێشانی چەندین وێنە و هیچ کاتێك بۆ کێشانی وێنە دانەنراوە، هەرکاتێك ویستت و لە هەر کوێ ویستت بە کامێراکەت وێنە بگرە، ئەوە زۆر ڕاستە هەر شتێك کە زۆر بوو چێژی واقیعی خۆی نامێنێ، بۆیە وێنەی دیجیتالی ئەگەرچی دیقە و کوالیتیان لە ئاستی بەرزدایە ئەو چێژەی وێنەی جارانی نەماوە، چەندین پرۆگرامی کۆمپیوتەری هەن بۆ ئەوەی کە گیانێکی نوێ بەبەر وێنە دیجیتالییەکاندا بکەن، یەکێك لەم پرۆگرامانە، پرۆگرامی Nature Illusion Studioیە، کە بە هۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانیت ئەو وێنانەی لە دیمەنی سروشتی گرتووتن، ئیفێکتی کەش و هەوا و دیمەنی جوڵەی سروشتی دابنێی، وەك جوڵەکردنی ئەو ئاوەی کە لەوێنەکەدا گرتووتە، یان شەپۆلی ئەو ڕووبارەی کە لە وێنەکەدا هەیە، یا دانانی کەش و هەوای باراناوی و دانانی ئیفێکتی بەفر و هەور و تەم و مژ، جگە لەوەش دانانی ئیفێکتی دەنگ وەك دەنگی باڵندە، خورەی ئاو و دەنگی هەورە بروسکە..تاد. توانای دانانی شەش جوڵەی هەیە بۆ ئاو. چەندین دیمەنی ئەنیمەیشنی تێدایە کە دەکرێ بەکارهێنەر سوودیان لێوەربگرێت.





## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، هەروەك دەزانن تۆڕی فەیسبووك گەورەترین تۆڕی جیهانییە بۆ پێوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، حەز دەکەم لەگەڵ زۆر کەس ببم بە هاوڕێ لە فەیسبووکدا کەچی کە داوای دۆستایەتیان لێدەکەم، هیچ وەڵامێکیان نییە، بەچی بزانم ئەوان وەك هاوڕێ منیان قبوڵ نییە؟ ئایا هیچ شتێك هەیە کە بۆت ڕوونبکاتەوە ئەو هاوڕێیە تۆی لە ڕیزی هاوڕیانی دەرهێناوە یان تۆی وەك هاوڕێ قبوڵ نییە؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز پرۆگرامێکی بچووك هەیە بەناوی unfriend finder کە لەگەڵ زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی ئینتەرنێتیان پێدەکرێتەوە دەگونجێت، بەدانانی ئەو پرۆگرامە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت لە شریتی فەیسبووکەکەتدا واتە لەو فەرمانێك زیاد دەبێت بەناوی unfriend finder هەرکە یەکێك لە هاوڕێیانت تۆی لە ڕیزی هاوڕێکانی خۆی دەرهێنا، لەو بەشەدا نیشان دەدرێت، یان ئەگەر یەکێك تۆی وەك هاوڕێ قبوڵ نەکرد ئەوکاتیش هەر نیشانت دەدات.